# بەهیوای سەلامەتی



**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

دوای ئـــەوەی شـــاعیری گـــەورەی نەتەوەکـــەمان (مەدحـــەت بێخـــەو) نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدراو ئێستاش خۆشـــبەختانە بـــاری تەندروســـتی زۆرباشەو بۆ ئەم مەبەستە رۆژنامـەی (دەنگی مەخموور) شاعیری ناسراوی بەسەرکردەوە.

مەدحـەت بێخـەو یەکێکە لەشـاعیرە ناسراوەکانی گـەلی کـورد، تەمـەنێکی دوورو درێـژە خزمـەت بـەبواری شـیعرو ئـەدەبو زمـانی کـوردی دەکـات، ئـەو لـەدایکبووی شارۆچـکەی مـەخموورەو ئێـستا لەشـاری هـەولێر نیـشتەجێیە، بێخـەو جگـە لـەوەی خـاوەنی دەیـان هـــۆنراوەو ســـروودی نەتەوەییـــە، لەهەمانکاتـــدا خزمـــەتێکی بەرچـــاوی بـواری هونـەری ئۆپـەریتو هـۆنراوەی منـــدالانی کوردســـتانی کـــردووە، ئـــەو ماوەیـــەکی زۆر لـــەپێناو خـــەباتو ناسـنامەی کوردایـەتی زینـدانی کـراوەو شـلگێرانە توانیویـەتی بـەردەوام بێـتو ئێـــستاکەش خـــەریکی نووســـینەوەی مێژووی پێنج هەزارەی شاری هەولێرە.

لەکۆتاییـــدا هیـــوای ســـەلامەتیو تەندروسـتییەکی بـاش بـۆ شـاعیری گەورە (مەدحەت بێخەو) دەخـوازینو ئومێد دەکەین لـە نـزیکترین دەرفـەت بگەرێتـــەوە نێـــو دونیـــای نووســـینو بەرهەمی زیـاترو پـڕ بایـەخترمان پـێ ئاشنابکات.

# تارا جاف بەر لە کۆنسێرتێکی داریوش ئامێری چەنگ دەژەنێت

خانمە موزیکژەنی کـورد تـارا جـاف، لەدەسـتپێکی کۆنـسێرتێکی هـەردوو گۆرانیبێـــژی فـــارس درایـــوش و فەرامەرزی ئەسلانی، بەچەنگەکەیەوە موزیــك لەشــاری بــۆنی ئــەلمانی دەژنێت.

تارا جاف لەلێدوانێکیدا بۆ دەزگاکانی راگەیانـدن گـوتی "لەشـاری بـۆنی ئـــەلمانی کۆنـــسێرتی هـــەردوو گۆرانیبێـــژی فـــارس داریـــوشو فەرامەرزی ئەسـلانی بەرێوەدەچێت، مـــن بـــەر لەدەســـتپێکردنی کۆنسێرتەکە، بەئامێری چەنگ چـەند پارچـە موزیکێـك بـۆ ئامـادەبووان دەژەنم". گوتیشی "هەر لەم مانگـە، بەمەبەســتی ســازکردنی زنجــیرە کۆنسێرتێك سەردانی تورکیا دەکـەم، بڕیارویـە دوو کۆنـسێرت لەشـاری ئەســتانبۆڵ پێــشکەش بکــەم، کۆنـــسێرتەکانی دیکـــەش لەچـــەند شـــارێکی کـــوردی بەرێوەدەچـــێت، لەوانە ئامەدو ماردین و چەند شارێکی دیکـە". راشـیگەیاند "لـەم زنجـیرە کۆنسێرتەدا گۆرانیو موزیك بەدەنگی خـــۆمو بـــەئامێری چـــەنگ پێـشکەشدەکەم، رەنگـە لەهەنـدێك لەکۆنسێرتەکاندا هونەرمەنـدی دیکـە، بەئامێری دەڤ و ریتم هاوکارم بـن". ئەوەشـی خـستەروو "کۆنـسێرتەکان



لـەکۆتایی ئـەم مانگـە دەسـت پێدەکـەنو تاسـەرەتای مـانگی تـشرینی دووەم بەردەوامی هەبێت".

# یەکەمینەکانی مەخموور



**ئا/ شەهاب مەخمووری**

دوای هەولێکی زۆر بـۆ بەدواداچـوونی ئــەو زانیاریانــەی کــە لەدەڤــەری مـەخموور هەیـە، هەولماندا خـاوەن یەکـــەم پیـــشە جۆراوجۆرەکـــانی مـەخموور بخەینـە بـەر چـاو، چـونکە ئەوانەی کـە باسـیان دەکـەین ئەمانـە یەکەمین کەس بووینە کە پیشەیەکی تر بکەن لەمەخموورو شایانی ئـەوەن ئاماژەیان بۆ پێ بدرێت.

١- یەکـــەم حەیرانبێـــژی دەڤـــەری مـــەخموور بەشـــێوەیەکی گـــشتی حەیرانی گوتبێت، حەیرانبێژ (حەمەد بەگی) بووە لەساڵی ١٩٥٠.

٢- یەکـەم تـەرم شـۆر لەمـەخموور قادر شاسوار بووە لەساڵی ١٩٣٠.

٣- یەکەم ئاش، ئاشی شـێخی چـۆلی بـــووە لەمـــەخموور لەســـاڵی ١٩٤٠، حاجی مەجید ئاشەوانی بووە.

٤- یەکـــەم پێـــشمەرگەی لەســـێدارە دراو لەدەڤـەری مـەخموور محەمـەد محەمـەدمین (باوکـە) بـووە لەسـاڵی ١٩٧٤، لەلایـــەن رژێمـــی بـــەعس لەسێدارە دراوە.

٥- یەکـەم شـەهیدی سـەنگەر نـوری سـەعید هـەینی لەسـاڵی ١٩٦٨ لـە رووبەرووبوونەوەیەکـدا لەشۆڕسـی ئەیلول شەهید کراوە.

٦- یەکـــەم ماڵـــە عـــەرەب کـــە لەمـەخموور نیـشتەجێ بـوون مـاڵی ئەحمەد عەلی عارەب بووە، لەکۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو.

٧- یەکـــەم بێـــژەری مـــەخموور لەئێزگـەی کـوردی لەبەغـدا مامۆسـتا بەهادین جەلال مستەفا بوو لەسـاڵانی حەفتاکان.

٨- یەکەم شەهیدی سەربازی عێراقی لەدەڤەری مەخموور محەمـەد سـەلیم ئەحمەد عەزیز بوو لەساڵی ١٩٧٤.

٩- یەکـــەم کـــورەی گـــەچ کـــە لەمـــەخموور دانـــرا، کـــورەی عـــەلی حەمەد عوسمان (عەلی حـاجی) بـووە لەساڵی ١٩٧٦.

١٠- بۆ یەکەمجار کوردە ئاوارەکـانی تورکیـــا لەســـاڵی ١٩٩٧ هاتنـــە مەخموورو لەبناری چیای قەرەچووغ کـــەمپی پەنابـــەرانی مـــەخموریان دروستکرد.

١١- یەکـەم کـەس کـە زۆرتـرین ژنـی هێنابێت برایم ئاغای دزەیی بووە، کە چواردە ژنی هێناوە.

# حەیرانێك بە یادی جاران

حەیران دەرێم خۆزیا بەخۆزی داران
باجگری ماچان بام لە سەر پردەکەی کاولە رواندزی
ئەوەلەن لە کیژۆرە بارەکیان لە گەردەن کێلی رواندزییان
لە سەر بەتاسی خۆشناوان یەقە بەسنجاقی کۆییان
سەر بە یۆشی سولە یمانییان لە عەبا رەشی هەولێرییان
لە بسك قوتی ساریيان لە کیژە خێرەکیو
رەوەندی و ئاکۆیی و مام سارو خەیلانیان
لە شلو ملو چاو بە کلو باغەر شۆری دزەییان
وەکی فەسلی دەرە بواران دێنەوە لە سەر
چاکەکەی سولتان عەوڵلای عارەبی
لە گوری معێجیلەی لە گۆمێ سێقولینچکی
ناوەڵلا دەرێم لە کەندو لەندی کاولە مشاری

# پەروەردەی مەخموور لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر پلەی یەکەمی بەدەستهێنا



**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

لەمیانـــەی فیـــستیڤاڵی ســـاڵانەی شـــانۆیی کـــە لەلایـــەن چـــالاکی قوتابخانـەکانی هـەولێر بەرێوەچـوو لەســـەر ئاســـتی (٩) پـــەروەردەی ســـنووری پارێزگـــای هـــەولێر پـەروەردەی مـەخموور تـوانی پلـەی یەکەم بۆخۆی مسۆگەر بکات.

رۆژانـــی ١٠و٢٠١١/١٠/١١ لـــەهۆلی چـــالاکی قوتابخانـــەکانی هـــەولێر لەمیانەی فیستیڤاڵی ساڵانەی تایبەت بەبواری شانۆ، چالاکی قوتابخانەکانی مەخموور بە شانۆی (خەنجەری ناو سندووقەکە) توانی لەسەر ئاستی نۆ پـــەروەردەی ســـنووری پارێزگـــای هـــەولێر پلـــەی یەکـــەم بەدەســـت بهێنێـت، دوای ئـەو ئاسـتە جوانـەی لەلایەن قوتابیانی شانۆکار نمایشکرا کە بووە جێگەی رەزامەندی تـەواوی ئامـــادەبووانو بـــەکۆی دەنـــگ شانۆکارانی مەخموور بەپلـەی یەکـەم دەستنیشانکران.

لێـرەدا دەستخۆشـییەکی گـەرم لـە بـــەرێزان عیمـــاد جـــەمیلو رێبـــاز حوسێنو تەواوی مامۆستایانی بەشی چـــالاکی قوتابخانـــەکانی مـــەخموور دەکـــەینو هـــەروەها بەپێویـــستی دەزانـــین نـــاوی تـــەواوی قوتابیـــانی بەشداربوو لەم فیستیڤاڵە بخەینەروو: (محەمـــەد شـــێرزاد، رەوا بایەزیـــد، ئەلەنـد دلـشاد، رۆژان عومـەر، هاشـم حەیدەر، هێلین عوسمان، سـەرکەوت سلێمان، هێمن عەبدوڵلا).

# قەدەری زەکەریا لە تورکیا داوا دەکرێت



گـەورە کۆمپانیایـەکی بەرهـەمهێنانی موزیك لـە تورکیا داوا لـە هونەرمەنـد (زەکـەریا) دەکـات ئـاوازی گـۆرانی (قەدەر) یان پێبدات.

فیلیز سەراڵ لـە کۆمپانیـای MXL Muzikکـــە تایبەتـــە بـــە بەرهـەمهێنانی میوزیـك و گـۆرانی لـە تورکیـا، پەیوەنـدی بـە کۆمپانیـای زەکـەریا موزیـــك پرۆدەکـــشن ZAKARIA MUSIC PRODUCTIONکـــردووەو داوای لێکـردووە کـە نۆتـەی ئـاوازی گۆرانی (قـەدەر)یان پێبدات تـاوەکو ئاوازەکـە بـە تێکستێکی تورکییـەوە بەرهەمبێنن. لەوبارەوە سەرچاوەیەك لەبەرێوەبەرەبەرایـەتی کۆمپانیـای زەکـەریا میوزیـك پرۆدەکـشن، کـە سەرپەرشـتی کـارە هونەرییـەکانی هونەرمەنـــد زەکـــەریا دەکـــات هەواڵەکـــەی بـــۆ (رووداو) پـــشتڕاستکردەوەو رایگەیانـد کـە "ماوەیـەك لەمەوبـەر کۆمپانیـای MXL Muzikپەیوەنـدییان بـە ZMPROەوە کرد و ئەو داوایەیان ئاراستەی هونەرمەنـد زەکـەریا کـرد، بـــەلام ئێمـــە ئـــەو داوایـــەمان رەتکردەوە"، گۆرانی قەدەر یەکێکە لـە تراکـەکانی ئـەلبوومی (لاپـەڕەی سپی) زەکەریا عەبدوڵلا کـە شـیعری (سـامی ئەرگۆشـی)یـە و ئـاوازی هونەرمەنـد زەکـەریا عەبدوڵلایـەو هـەوادارانی بەیـەکێك لـە گۆرانییـە سـەرکەوتووەکانی زەکـەریا هـەژماری دەکەن.

فۆتۆ پرێس



**ئاوی مەخموور بەو شێوەیە دەچێتە ماڵەکانو پێویستی بە چارەسەرێکی بە پەلەیە**